**کەسایەتی و سەربەخۆیی!**

بەهاری ساڵی ١٩٧٩ لە قەراخ شەقامی سەرەکی شار، دوو مێرمنداڵ لە بەر دەرکی بانکی سادرات کۆمەڵێک کتێبی منداڵانە و کتێبی تریان بۆ فرۆش دانابوو، کە پێشتر دەست نەدەکەوت. ئەو دوو مێرمنداڵە پێویستیان بە پارەی کتێبەکان نەبوو، ئەوان دەیانویست منداڵ و گەورەکان کتێب بخوێننەوە، منیش یەک لەو کەسانە بووم کە لاپەڕەی کتێبەکانم هەڵدەداوە. بێ ئەوەی خۆم بزانم کەوتبوومە ژێر چاوەدێری کەسێکەوە، لە ناکاو ڕووی تێکردم و پرسی "کردی؟" وڵامم داوە بەڵێ. لە گەڵم کەوتە قسە و کە چووینە ناو باسی سیاسەتەوە گوتی" من پێموایە ئێستا باشترین هەلە کە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیینێ!"
شەڕی نەورۆزی سنە بەردەوام بوو، لە هەموو شارەکانەوە دەستە دەستە پێشمەرگە و خەڵکی تر خۆیان دەگەیاندە سنە و کامیۆن کامیۆن شت و مەک دەنێردرا بۆ پایتەختی ئەردەڵانەکان، حزب حزبێن نەبوو، یانی دەرفەتی ئەوەیان نەبوو، لە شەڕدابوون، شەڕ لە گەڵ ڕژێمێکی کە لە ناو دڵی"ئینقلابێکەوە" سەری هەڵدابوو. کەمتر شار هەبوو کە لە شەڕی سنە قوربانی نەدابێ. لە شەڕی سەقز و پاوە و شەڕەکانی تری کوردستان کورد لە ڕۆژهەڵات یەک ڕووی هەبوو!

"من پێموایە ئێستا باشترین هەلە کە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیینێ!" کابرا چەند ساڵێک لە من بە تەمنتر و منیش چەند ساڵێک لە کتێبفرۆشەکان.
کەلاسی یەکی سەرەتایی بووم، ئاغای خەلیل زادە کە جگە لە فارسی و حیساب فێرکردن دەرسی خۆبوونیشی فێردەکردین ڕاپێچی زیندان کرا، نەمدەزانی بۆچی! کاتێک کەلاسی چواری سەرەتایی بووم، دوو برا سەقزیی لە سەر قوولە گوولەباران کران، گوتیان چەتەن. هەر لەو ساڵەدا کەلاکی ژاندارم و جەوانمەردمان لە ناو ماشێنی ژاندارمەکان بینی، هەر لەو ساڵەدا وێنەی کوژراوی موعینی و شەریفزادە و مەلا ئاوارەمان لە ڕۆژنامەکاندا چاو پێکەوت.

لە هەموو ئەو ساڵانەدا بە بیرماندا نەدەهات کە بیر لە سەربەخۆیی خۆمان بکەینەوە. لە شارەکەی ئێمە حزبی ملتی ئێران و حزبی پانئیرانیست هەبوو، کوردبوون نوتقیان دەدا و ئێمەیان بە ئێرانی ئەسیل دەناساند، کەسانی وەک منیش مێژوویی گەورەیی و سەروەریی شاهەنشاهی ئێرانی باستان و داریوش و کورشمان لەبەر دەکوتەوە، هیچمان نەمانبیستبوو کە ساڵانێک پێشتر لەم شار ئاڵای کوردستان هەڵکراوە و چەند فرسەخ دوورتر کۆمارێک بە ناوی کورد هەبووە.

ئێمە کوردمان دەبینی کە لە زیندان دەخران و هەڵدەواسران و کوردمان دەبینی کە دەیویست ئێمە بۆ ئێران قوربانی بکات، شیعر و نمایشیش هەر ئەوەی بە گوێدا دەخوێندین کە ئێمە پاسدارانی مەرزی پرگووهەرین! تەنانەت لێم حاڵی نەبوو، کە بۆچی خاڵی خۆم لە تەویلەی پادگان توونت کراوە و بە زستانی سارد ئاوی لە ژێر دەڕێژن! تەنیا یەک شت بۆ ئێمە ڕوون بوو، ئێمە کوردین و جیاواز لە عەجەم و فارسین، ئەوەش وەک کەماسی دەبیندرا و دەبوو خۆمان تا ڕیزی ئەوان هەڵکشێنیین. باشتر فارسی قسە بکەین، باشتر مێژوویان فێر بین و باشتر لەوان خزمەتی وڵات بکەین. خزمەتکاری باشتر لەوان بیین!

ئەو کاتەی کابرا بەگوێیدا دەچرپاندم" کە ئێستا باشترین هەلە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی" ٣٣ ساڵ لە ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەهاباد تێپەڕببوو. من و هاوتەمەنەکانم مێژووی ئێرانی باستان و شاعەبباسەکانمان لەبەر دەزانی، ئاگاداری ئەوە نەکرابووین کە چاردە ساڵ بەر لە دایکبوونی ئێمە چەند فرسەخ دوورتر کیانمان هەبووە.

ئێمە لە فەرهەنگ و زمان و مێژوویی جەلادەکانماندا قاڵ کرابووین، شتێک بە ناوی خۆمان نەبوو کە بیری لێبکەینەوە. خۆمان بە لێزان، پێشڕەو، سیاسی، هونەرمەند و بە وتەی تارانییەکان بە "روشنفکر و پێشڕەو" دەزانی، زۆرێک لە ئێمە خەڵکی گوندەکەی خۆمان نەبووین، خەڵکی جیهان بووین، نە گوندەکەی خۆمان دەناسی و نە سەرمان لە جیهان دەردێنا!

ئەو کاتەی کابرا پێگووتم"من پێموایە ئێستا باشترین هەلە کە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیینێ!" جەماعەتی "قیادەی موقەت" لە کەرج و شمالی ئێران و شوێنی ترەوە ڕاکە ڕاکەیان بوو خۆیان بگەیینەوە شارەکانی سەر سنوور و کاتی تێپەڕبوون لە شارەکانی کوردستان، تەقەیان لە ئێمەش دەکرد. لە خۆپیشاندان لایەنێک هاواری دەکرد" یەکیەتی نیشتمانی، ئەتۆ هیوای کوردانی" هەر ئەوان دەیانقیراند" قیادەی موقەتە بۆ دەرەوە، بۆ دەرەوە". دواتر بە ڕەسمی داوایان لەو حکوومەتەی کە شارەکانی بۆمباران کردبوو، کرد، کە وەدەریان نێنن!

هەر لەو کاتەدا کە ئەو کابرا بە گوێی منیدا دەچرپاند کە"من پێموایە کاتی سەربەخۆییە!" "من" کانی کورد دەیانویست مەلا و شوونیستەکان لە"دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" تێبگەیینن! ئەوی تر هەر نەیدەزانی چی دەوێ و شەقامەکانیش پڕ کرابوو لە باس لە سەر لەنین و ستالین و ئەوەی لە کتێبەکانیاندا چییان نووسیوە، شەڕ شەڕی ئەوە بوو کە کێ لەوان حاڵی بووە و کێ لە وان حاڵی نەبووە.

نزیک چل ساڵ لە قسەکانی ئەم ڕێبوارە تێپەڕیوە، نە ناوی دەزانم و نە دەزانم چی لێ بەسەر هات.
ئێستا کە لە باشووری وڵات دز و درۆزن و گەندەڵەکانیش سەربەخۆییان دەوێ، بۆچی ئەوانی تر خۆیانی لێ ناکەنە ساحێب، زیانی ئەوان لە سەربەخۆیی دایە یان درێژەدان بە کۆیلەتی؟ وڵاتێک کە لە هەموو لایێکەوە وەک گا دۆشراوە، وڵاتێک کە بێ ئەوەی ڕاگەیاندرابێ بۆتە کۆلۆنی ترک و عارەب و فارس، وڵاتێک کە دز وجەردە و گەندەڵەکانی بەم ئاکامە گەیشتوون کە"کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هاتووە"! دەبێ شانسێکی گەورە بێ بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ کوردستانێکی جیاواز ساز بکەن، کوردستانێک کە تێیدا مافی ئینسان، ژیانی ئینسان، نرخی هەبێ!

ئێوە چارەکە سەدەیەک کاتی ئەوەتان هەبوو کە دیوارە خوارەکان ڕاست کەنەوە. گەر نووسەر و شاعیر و ئەدیبن، زمانی کوردیتان ڕاست کردۆتەوە؟ گەر ئاکادێمیسین و پرۆفیسۆر و تێگەیشتوون، ستانداردتان لە زانستگاکان و مەدرەسەکان پێک هێناوە؟ گەر هونەرمەند و فەرهەنگساز و خوڵقێنەری ئەم وڵاتەن، پلەی خۆتان و فەرهەنگ و هونەری خەڵکتان بەرز کردۆتەوە؟ گەر بروکرات و تێکنۆکرات و پسپۆڕی ئابوورین، قانوون و پێشکەوتنیان لەم وڵاتەدا جێگیر کردووە؟
بە هەمووتان وڵاتێکتان ساز کردووە،کە ڕووی دەرەوەی ڕەنگکراوە و ڕووی ناوەوەی گەندەڵی دایگرتووە.
ئێستا کە کاتی ئەوە هاتووە دەستی بەغدا و ئانکارا و تاران بقرتێندرێ، زیانی کێی تێدایە؟ ئێوە ٢٥ ساڵ کاتی زێرینتان لە دەست دا، ئێستا کە کوردستان بە ڕەسمی دەکەوێتە دەست خۆتان، ٢٥ ساڵی داهاتوو بۆ پاقژکردنەوەی گەندەڵی، دزی و دامەزراندنی کوردستانێکی بە دڵی خۆتان و خەڵکەکەتان پێک بهێنن.
خۆتان لە جەغزی فکر و تێگەیشتنی کۆیلەتی و ناوەندەکانی تاران و بەغدا و ئانکارا ڕزگار بکەن. با وەسیەتی باب و باپیران و دایەپیرانتان بێتە دی، با وجاخی کۆرمای کوردستان سەر لە نوێ پاش حەفتا ساڵ بگەشێتەوە! با وەسیەتی ئەو کابراش بێتە دی کە گوتی: " من پێموایە ئێستا باشترین هەلە کە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیینێ!"
با کەسایەتی کورد بۆ کورد بگەڕێتەوە!

برایم فەڕشی

